# سزای دزی کردن له‌ ئیسلامدا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

زاگرۆس هه‌مه‌وه‌ندی

**پێداچونه‌وه‌ی :** پشتیوان سابیر عه‌زیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ حد السرقة في الإسلام ﴾

« باللغة الكردية »

زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# سزای دزی کردن له ئیسلامدا

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان و درود و ڕەحمەتی فراوان بۆ سەرگیانی پاکی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفى و ئال وبەیت وهاوەڵ و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە ...

خۆشەویستان وەك بەڵێنمان پێدابوون هەرجارەو بابەتێکتان پێشکەش بکەین لەسەر سزای ئەو تاوانانەی کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دیاری کردوە لە پێناو پاراستنی کۆمەڵگە وبەرزراگرتنی بەها و ڕەوشتە جوانەکان لەپێناو بەردەوام بوونی ژیان بەو شێوەیەی کە فیترەتی پاکی مرۆڤەکان پێی ڕازین ، ئەمجارەش دێینە سەر باسی سزای دزی کردن بەو شێوەیەی لە قورئان وسونەتی سەحیحدا هاتووە :

هەر چۆنێ ئایینی پیروزی ئیسلام بۆ پارێزگاری لە گیان و ناموس هاتووە بەهەمان شێوە بۆ پارێزگاری لەماڵ و سامان هاتووە، بۆیە سزای دزی کردنی داناوە بۆ ئەو کەسەی ماڵ وسامانی خەڵك دەبات و دەست درێژی دەکات بۆ سەروەت و سامانیان .

**یەکەم پێناسەکەی :**

(سرقە) لەزمانی عەربیدا: بردنی ماڵ وسامانی خەڵکە بە دزیەوە.

لە شەرعیشدا : بردنی ماڵی خەڵکە بە دزیەوە بەستەم لە جێگای تایبەتی خۆیدا بە چەند مەرجێکی دیاری کراو . تۆڵەکەشی: پرینی دەستیەتی لەمەچەکدا .

**دووەم : مەرجەکانی جێبەجێ کردنی سزای دزی کردن**

أ ـ باڵغ بوون، پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت :  " رفع القلم عن ثلاثة عن النائم حتى يستيقظ وعن الصبي حتى يبلغ وعن المجنون حتى يعقل " { رواه الإمام أحمد في مسنده } (واتە : سزای تاوان لەسەر سێ کەس هەڵگیراوە : لەسەر کەسێکی خەوتوو هەتا ئەو کاتەی لەخەو هەڵدەسێت، وە لەسەر  منداڵ تا باڵغ دەبێت، وە لەسەر شێت هەتا ئەو کاتەی کە چاك دەبێتەوە .

ب ـ ژیری، دەستی شێت ناپردرێت .

ج ـ زۆری لێ نەکرابێ

د ـ ماڵەکە گیشتبێتە ڕادەی دەست پرین کە ٤/١ چواریەکی دینارێکی ئاڵتون دەکات ( دینارێکی ئاڵتون واتە : یەك مسقاڵ زێڕی پوختکراو، وچوار یەکە کە چارەکە مسقاڵێك دەکات ) .

عن عَائِشَةَ قال سمعت النبي (صلى الله عليه وسلم) قال تُقْطَعُ الْيَدُ في رُبُعِ دِينَارٍ فَصَاعِدًا{ رواه البخاري (٦٧٩١) و مسلم ( ١٦٨٤)} واتە : عایشە ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ دەڵێت : ئەو لە پێغەمبەری خوای بیستووە دەیفەرموو: لەچارەکە دینارێك و بۆسەرەوە دەست دەپرێت .

هـ ـ ئەو ماڵەی دزیوەتی لەشوێنی تایبەتی خۆیدا بێت: بۆ نموونە پارە لە قاسە و کلیلدا بێت پۆشاك لە کەنتۆر و بۆفیدا بێت، ئاژەڵ لەگەوڕ و پەچە دابێت . هەرشتەو بەگوێرەی خۆی .

عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو عَنْ رَسُولِ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- أَنَّهُ سُئِلَ عَنِ الثَّمَرِ الْمُعَلَّقِ فَقَالَ « مَا أَصَابَ مِنْ ذِى حَاجَةٍ غَيْرَ مُتَّخِذٍ خُبْنَةً فَلاَ شَىْءَ عَلَيْهِ وَمَنْ خَرَجَ بِشَىْءٍ مِنْهُ فَعَلَيْهِ غَرَامَةُ مِثْلَيْهِ وَالْعُقُوبَةُ وَمَنْ سَرَقَ شَيْئًا مِنْهُ بَعْدَ أَنْ يُئْوِيَهُ الْجَرِينُ فَبَلَغَ ثَمَنَ الْمِجَنِّ فَعَلَيْهِ الْقَطْعُ وَمَنْ سَرَقَ دُونَ ذَلِكَ فَعَلَيْهِ غَرَامَةُ مِثْلَيْهِ وَالْعُقُوبَةُ »{ رواه أبوداود (٤٣٩٠) والترمذي (١٢٨٩) والنسائي ٨٥/٨ وهو حديث حسن.}

واتە : عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە و لە باپیرەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرى ـ ڕەزای خوایان لێ بێت ـ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پرسیاری میوەی لێکرا بە درەختەوە بێت فەرمووی: ئەوە کەسێك بیخوات کە پێوستی بێت بێ ئەوەی کۆش وبن هەنگڵی لێ پربکات ئەوە هیچی لەسەر نیە، وەهەر کەس لێی بباتەوە لەگەڵ خۆیدا ئەوە دوو قات بژاردنی لەسەرە لەگەڵ سزاشدا، هەرکەسێکیش شتێکی لێ بدزرێ کەلە شوێنی ووشك کردنەکەیدا بێت ئەوە دەستی دەپردرێت ئەگەر نرخەکەی بگاتە نرخی قەڵغانێك هەرکەس لەوە کەمتر بدزێ ئەوە بژاردنی دووقاتی دزراوەکە و خۆی سزاشی لەسەرە .

و ـ ماڵەکە دزەکە خاوەنی نەبێت یا گومانێکی تێدابێت:

ئەگەر شەریکی خاوەن ماڵەکە بوو دەستی ناپردرێت چونکە ئەمیش خاوەنێتی، یان منداڵ پارەی باوکی ببات دەستی ناپردرێت چونکە گومانی تێدایە، چونکە خەرجی منداڵەکە لەسەر باوکێتی.

**سێ یەم: دزی بەچی دەسەلمێت؟** بەیەکێ لەم دووانە :

أ ـ دزەکە یەك جار دان بنێت بەدزیەکەیدا، پێشتر لەباسی تۆڵەی زینا باسی بەڵگەکەیمان کرد.

ب ـ دوو شایەتی ڕاست ودوروست شایەتی بدەن کە دزی کردووە خوای گەورە دەفەرموێ: ( وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْـــدَاهُمَا الْأُخْرَى وَلَا يَأْبَ الشُّهَدَاءُ إِذَا مَا دُعُوا ) {البقرة ٢٨٢} واتە: دوو شایەت لە پیاوانی خۆتان ـ موسڵمانان ـ بگرن بەشایەت جا ئەگەر دووشایەت نەبوون ئەوە پیاوێك و دوو ئافرەت لەو شایەتانەی کە لێیان ڕازین بۆ ئەوەی ئەگەر ئافرەتێکیان لەبیری چوو ئەوی تریان بیرخاتەوە .

**چوارەم: دەستی دز ناپردرێت ئەگەر خاوەن ماڵەکە لێ ی خۆش بێت پێش گەیشتنی بە قازی:**

عن عَمْرِو بن شُعَيْبٍ عن أبيه عن عبد اللَّهِ بن عَمْرِو بن الْعَاصِ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قال تَعَافُّوا الْحُدُودَ فِيمَا بَيْنَكُمْ فما بَلَغَنِي من حَدٍّ فَقَدْ وَجَبَ .} رواه أبو داود (٤٣٧٦) والسائى ٨/٧٠ (٤٨٨٦) والحاكم ٣٨٣/٤ وهوحديث صحيح} واتە : عومەری کوری شوعەیب لەباوکیەوە ئەویش لە عەبدوڵلای کوری عەمری کوری عاصەوە ـ ڕەزای خوایان لێ بێ ـ دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: لە نیوان خۆتاندا لە یەکترببورن لە تۆڵەکاندا چونکە ئەگەر تۆڵە سەندنێ گەشتە لای من ئەوە پێویستە جێبەجێ بکرێت .

**پێنجەم: دان پێدانەهێنانی شتی خوازراو دزییە :**

ئەگەر کەسێك بە خواستن کەل و پەل لای خەڵك بهێنی و دانی پێدانەنی کە خوازراوە ئەوە ئەو کەسە دزە و سزای دزی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت .

عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ كَانَتِ امْرَأَةٌ مَخْزُومِيَّةٌ تَسْتَعِيرُ الْمَتَاعَ وَتَجْحَدُهُ فَأَمَرَ النَّبِىُّ - صلى الله عليه وسلم- أَنْ تُقْطَعَ يَدُهَا فَأَتَى أَهْلُهَا أُسَامَةَ بْنَ زَيْدٍ فَكَلَّمُوهُ فَكَلَّمَ رَسُولَ اللَّهِ - صلى الله عليه وسلم- فِيهَا، فقال النبي - عليه الصلاة والسلام - : يا أسامة لا أراك تتكلم في حد من حدود الله ، ثم قام النبي - عليه الصلاة والسلام - خطيبا فقال : " إنما أهلك من كان قبلكم أنه إذا سرق فيهم الشريف تركوه ، وإذا سرق الضعيف قطعوه، والذي نفسي بيده لو كانت فاطمة بنت محمد لقطعتها"} رواه مسلم (١٦٨٨/١٠)}

واتە : عایشە ڕەزای خوای لێ بێت ـ ئافرەتێکی مەخزومی هەبوو شت ومەکی لە خەڵك دەخواست ئینکاری لێ دەکرد جا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)فەرمانی کرد کە دەستی ببردرێت جا کەس وکاری هاتن بۆلای ئوسامەی کوری زەید و قسەیان

لەگەڵ کرد ئەویش لەبارەیەوە قسەی لەگەڵ پێغەمبەر دا کرد لە بارەیەوە پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : ئەی ئوسامە من وام نەزانی کە تۆ تکا لە سنوریك لە سنورەکانی خوادا بکەیت، پاشان پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم) هەستا و ووتارێکی دا و فەرمووی : ئوممەتانی پێش ئێوە هۆی تیاچوونیان ئەوە بوو کاتێك کەسێکی ناودار و بنەماڵەدار دزی بکردایە وازیان لی دەهێنا و حوکمەکەیان بەسەردا جێ بەجی نەدەکرد، بەلام ئەگەر کەسێکی لاواز و نەدار و هەژار دزی بکردایە حوکمەکەیان جێ بەجێ دەکرد و دەستیان دەبڕی، سوێند بیت بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە ئەگەر فاطمەی کچی موحەممەد دزی بکات دەستی دەبڕم .

ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرا و ڕوونە لەسەر عەدالەت و دادگەری ئاینی پیرۆزی ئیسلام کە بەهیچ شێوەیەك جیاوازی ناکات لەنێوان خەڵکیدا لەکاتی جێ بەجێکردنی حوکمەکانیدا، ئەوەبوو پاشتر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەستی ئەو ئافرەتە مەخزومیەی بڕی هەرچەند لە بنەماڵەیەکی دیاری ناوچەکەش بوو .

بەم جۆرەش هاتینە کۆتای ووتاری ئەمجارە تا بەیەك گەشتنەوەیەکی تر و لەبابەتێکی نوێدا بەخواتان دەسپێرم و خواتان لەگەل و بمێنن لەخۆشیدا .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم